١

# ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە

## پـــرسی دەنگدان و بایکۆت لە کەرکوک ساڵی ٢٠٢٣



# پرسی دەنگدان و بایکۆت لە شاری کەرکووک ساڵی ٢٠٢٣

## کۆی باسەکان

پێشەکی.................................٢

ناوەرۆک.................................٢

سکێچ.................................٤

سەربار.................................٧

ناساندن بۆ ناوەندەکە...........................١١

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە ناوەندی توێژینەوەی (دەنگی نەتەوە) کردویەتی، لەبارەی دنیابینی خەڵکی کەرکووکە بۆ ئەم هەڵبژاردنەی داهاتوو(ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ڕێکەوتی ١٨ی ١٢ی٢٠٢٣)، بۆ ئەوەی بزانین دەنگی کورد لە شەقامەکانی کەرکووک چی دەڵێت، چ ڕایەک زۆر باوە؟! خەڵک چۆن بیر لە حیزبەکان دەکەنەوە؟ چۆن بیر لە نەتەوە دەکەنەوە؟ بەدوای چیدا وێڵن؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەمان بە ڕاپرسییەک لە شەقامەکانی کەرکووک دەست کەوت.

## ناوەرۆک

وەک لای هەمووان ڕوونە هەڵبژاردن مافێکی دیموکراسییە بەڵام خەڵکیش ئازادە لە دەنگدان و دەنگنەدان، پێش هەر هەڵبژاردنێک بەتایبەت لەو وڵاتانەی هەڵبژاردن بووەتە یاری دەستی دەسەڵات و تەنیا ڕووی دیکتاتۆرانەی خۆیانی

پێ سپی دەکەنەوە و دووبارە شەرعییەت بە فێڵ و زۆرداریی وەردەگرنەوە، دەنگدەران دابەشدەبن بەسەر دوو بەرەدا:
یەکەم بەرەی دەنگدەر
دووەم بەرەی دەنگنەدەر


ئەنجامی ڕاپرسی لە کەرکوک
دنیابینی خەڵکی کەرکوک بۆ ئەم هەڵبژاردنەی داهاتوو
٪١٢
بایکۆت دەکەن
٪٨٨
دەنگدەدن و هۆکارەکانی
٪٣.٨
خزمەتگوزاریی و دامەزراندن
٪٣٤.٦
ترس لە تەعریب
٪٣١.١
لەبەر کوردایەتی
٪٢٣.٣
ترس لە ئاینده
٪٧.٢
ئازادکردنی زەوی
و زارەکانیان لە حەشدی شەعبی

به پێی ئەم ڕا پرســـــییەی دەنگی نەتەوە، کە هەموو بەشداربووان کوردی شاری کەرکووک بوون، زۆرینەی شەقامی کەرکووک لە بەرەی دەنگدەرە، کە ٨٨%ی پێکدەهێنێت و هەرچی بەرەی دەنگنەدەرە ١٢%ی شەقامەکەن.

هەر یەک لەم دوو بەرەیە پاســـاوی خۆیان هەیە: بەرەی دەنـگـنەدەر تەواوی پـڕۆســـەی هەڵـبـژاردن لە ئـێـراق ڕەتدەکاتەوە و بە پوچی دەزانێت، پێی وایە نادادپەروەری هەیە لە پڕۆسەکەدا.

ئەوانەی کە دەنگ دەدەن پاساوەکانیان لەژێر ئەم خاڵانەدا ڕیزدەکەن:

- ترســـی بەکەمینەبوون و بەعەربکردن(التعریب) ٣٤,٦%

ئەم کۆمەڵە کەسە ئەو ترسەی پاڵیان پێوەدەنێت کە بچن دەنگبدەن، مەترســـی کەمی هەژموونی کوردە لە کەرکووک، ترسیان لە داگیرکاری هەیە.

- کوردایەتی ٣١,١ %

ئەم کۆمەڵە کەســــە هەســــتی کوردایەتی وایان لێ دەکات دەنگبــدەن (وتیــان گەرچی حیزبە کوردییەکــان خراپی و گەنــدەڵکــاری دەکەن بەڵام ئەنفــالمــان نــاکەن!) بۆیە دژی حیزبە کوردییەکــان نــابینەوە تــا بەدیلێــک دەبێت، هەموو کەس بۆ کەرکووک خراپە بەڵام کوردەکــان کەمتر خراپن بەراورد بە شۆڤێنییەکان.

- ترس لە ئایندە ٢٣,٣%

ئەم کۆمەڵە کەســە ترســی ناســەقامگیریی لە ئایندە وایان لێدەکات بچن دەنگ بدەن، پێیان وابوو دەنگنەدان کارەسات درووست دەکات.

- ئازادکردنی زەوی و زاریان لە داگیرکاری حەشدی شەعبی و عەرەبی هاوردە ٧,٢%

ئەمانە ئەو جوتیارانە بوون کە حەشدی شەعبی و عەرەبە چەکدارەکان زەوی و زارەکانیان داگیرکردبوون، بۆیە پێیان

وابوو بۆ گەڕاندنەوەی زەوییەکانیان دەبێ نوێنەرێکیان هەبێت کە شەڕی مافەکانیان بۆ بکات وە دەنگدانیان بە کورد چارەسەرە.

- خزمەتگوزاریی و دامەزراندن ٣,٨ :%

ئەم کۆمەڵەیە پێیان وابوو لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە خزمەتی شارە کوردییەکان ناکرێت و دامەزراندنی کورد لە کەرکووک ڕاگیراوە، بۆیە بۆ خزمەتگوزاریی زیاتر و دامەزراندن، دەنگدان بە چارەسەر دەبین بۆ شەڕی ناداد پەروەری نەتەوەیی.

## سەربار

لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا بەشداربووان کۆمەڵێک تێبینی و بۆچون و لێکدانەوەی تایبەتیی خۆیان بۆ دۆخی کەرکووک دەربڕیووە، کە لێرەدا وەک خۆی ناوەرۆکی وتەکان دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:

بەپێی یەکێک لەو بۆچونانە پلانێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیی هەیە بۆ دابەشکردنی ئێراق بۆ سێ هەرێمی سەرەکی (کورد، سونە و شیعە)، ئەگەر کورد نەتوانێت لەم هەڵبژاردنەدا زۆرینەبوونی خۆی بسەلمێنێت، ئەوا دوورنییە پارێزگاکە بخرێتە سەر ئەو هەرێمە سوننییەی کە بڕیارە دروستبکرێت.

بۆچونێکی دیکە هەیە کە پێیوایە دەنگدان لە کەرکووکدا هیچ ناگۆڕێت، بۆیە پێویستە کۆدەنگییەک لەنێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی کەرکووکدا هەبێت بۆ بایکۆتی گشتی هەڵبژاردن، بەڵام ئەگەر ئەو کۆدەنگییە نەبێت و نەتەوەکانی دیکە (عەرەب و تورکمان) بەشداری هەڵبژاردن بکەن، ئەوا کوردیش نابێت بەتەنیا بایکۆت بکات، بەڵکوو پێویستە لەو کاتەدا بەگەرموگوڕیەوە و هاوشانی نەتەوەکانی دیکە بەشداری هەڵبژاردنەکە بکات.

بۆچونێکی دیکەش پێیوایە کورد دەبێت بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن چونکە وەک داتا و سەرژمێرییەک دەمێنێتەوە بۆ ئایندە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش سەنگی

کورد له کەرکووکـدا دەردەخـات و بـاوەڕبوونی کورد بە پرۆسـەی دیموکراسـی دەخاتە بەرچاو، هەروەها مەترسـی هەڵگیرسـانی شـەڕ و بەریەککەوتنی تائیفی و نەتەوەیی کەمدەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە بۆچونەکـان ئەوەیە کە هەڵبژاردن تـاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی لەم کـاتەدا کوردانی کەرکووک بتوانن لەڕێگەیەوە مافە یاسایی و دەستوورییەکانیان بەدەستبهێنن، ئەمە جگە لەوەی کەپێیانوایە بایکۆت لە سیستەمی سیاسی ئێراقیدا سەنگی نییە و بەشداربووانی هەڵبژاردن ئەگەرچی لەڕووی ژمـارەوە زۆر کەمیش بن، بەڵام هێشـتـا دەکرێت حکومەتی نوێی لەسـەر بنیـادبنرێت، بەبێ ڕەچـاوکردنی گەورەیی و فراوانیی ڕێژەی بایکۆت.

کۆمەڵێک بۆچونی دیکە پێیـانوایە بـایکۆت خۆی لە خۆیـدا ئەجێندای داگیرکەرانە بۆ لێدانی بەرژەوەنییەکانی کورد و نیشـاندانی کورد وەک دژبەرێکی پرۆسـەی دیموکراسـی. هەربۆیە بایکۆت لە کەرکووکدا جگە لە زیان هیچ سـودێکی بۆ کوردانی شارەکە نییە.

بەشێکی دیکە لە بەشداربووانی توێژینەوەکە ڕەخنەی توند لە هێزە کوردییەکان بەتایبەت (یەکێتی و پارتی) دەگرن و ئەوان بە خوڵقێنەری سەرەکی ئەم بارودۆخەی ئێستای کەرکووک دەزانن. هەروەها بەشێکی دیکە پێیانوایە ڕێکنەکەوتنی ئەم هێزانە لەسەر درووستکردنی لیستێکی هاوبەش، خیانەتێکی دیکەیە لە دۆزی کورد و دەبێتە هۆی بەفیڕۆچوون و لەدەستدانی دەنگ و پێگەی کورد لە کەرکووکدا.

لە کۆتاییدا بەشێکی زۆری بۆچونەکان بەو ئاڕاستەیەبوون کە پرسی هەڵبژاردن لە کەرکووک نابێت ببەسترێتەوە بە بەرژەوەندی یەکێتی و پارتییەوە، بەڵکوو پرسێکی نەتەوەییە و پرسی شوناس و هەژموون و مانەوەی کوردە لە کەرکووکدا.

## ناساندن بۆ ناوەندەکە

**ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە، ناوەندێکی سەربەخۆی کوردییە توێژینەوە و ڕاپرسیی لەسەر ئەو پرس و باسانە دەکات کە بۆ نەتەوە کورد و خاکی کوردستان گرنگن.**


## توێژەران:

**ڕێڤان عوسمان**

**ئاریان ئومێد**

**هەڤاڵ محەمەد**

**هەڵەچن: زریان سەرچناری (ڕێکخراوی کوردیپێدیا)**


**٢٠٢٣**

ئازادی بۆ کورد و سەربەخۆیی بۆ کوردستان

١

# ناوەندی توێژینەوەی دەنگی نەتەوە

## پــرسی دەنگدان و بایکۆت لە کەرکوک ساڵی ٢٠٢٣

